# نالی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆ شاری شیعر و ئەدەب دەگەڕێتەوە ... حیکمەت مەعروف

hmks7@kurdistannet. org



ڕۆحی نالی ئەمڕۆ لەگەڵمان بوو، هات و لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی هۆڵی سلێمانی، بە هێمنی دانیشت. جار جار لە ژێرەوە و شەرمنانە چاوی بۆ حەبیبە دەگێڕ ا، بەڵکو ئەمە خوایە حەبیبەی خاکوخۆڵ هاتبێت، تا هەواڵێکی خۆشی نالی بزانێ. تا سێ ڕۆژ لامان میوانە، میوانێک غەریبی لە نیگای دەتکێ، نورانی، لەو پیاوە پیرانە دەچێت کە ئارەزوو دەکەیت بۆ هەمیشە قسەت بۆ بکات و مرواری وشە بڕژێنێتە ڕۆحت. وەک ئەوەی نائارام بێت، خێرا خێرا پەنجە نەرمەکانی بە قەفی گۆچانەکەیدا دەهێنا. گوێی لە نامەکەی خۆی دەگرت بۆ سالم، کاتێک لەگەڵ ئاوازێکی شیرین تێکەڵ بە هەوای هۆڵەکە دەبوو. تا دوا چرکەسات چاوەڕێ بوو. ئێمەش چاوەڕێی ئەوین لە دوو ڕۆژی داهاتووشدا ئەم میوانە نورانییە، ئەم هۆڵە پڕ بکات لە گەردی مەعریفە و شیعر.

ئەمڕۆ 1 / 7 / 2006، لە هۆڵی سلێمانی یەکەم ڕۆژی دیداری نالی بەڕێوە چوو. بە دەنگی پڕ لە سیحری کیژۆڵەیەکی حەبیبەکەی نالی ئاسا، بە خوێندنەوەی بەیتێکی پڕ لە جوانکاری نالی، بێ دەنگی هۆڵ شکێنرا و دیداری حەزرەتی شیعر دەستی پێکرد. سەرەتا لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەلی عەبدوڵلاوە پەیڤی سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف، خوێندرایەوە، دوای بەخێرهاتنی میوانەکان، باسی لە پێویستی ئەم دیدارەی کرد لەم ساتەدا، وە هۆیەکانی هەڵبژاردنی حەزرەتی نالی بەدەر لە هەموو کەڵەشاعیرانی تر، وتی: هەر چەندە نالی لە نێو شاعیرانی کوردا زۆرترین دیدار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام هێشتا لە گەوهەری شیعر و فکری نالیدا زۆر شت ماوە دەبێت دەیان دیداریان لەسەر بکرێت. هەروەها مامۆستا عەلی مژدەی ئەوەیدا بە روناکبیران کە دیداری داهاتووی سەنتەر لەسەر حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەبێت. و بڕیاریش دراوە کە هەموو ئەو بابەتانەی کە لەم دیدارەدا پێشکەش دەکرێن، هەموویان پێکەوە بکرێنە کتێبێک و چاپ و بڵاو بکرێنەوە. پاشان نامە شیعرییەکەی نالی بۆ سالمی شاعیر لە لایەن کاک باسیت حمەغەریبەوە بە هاوکاری هونەرمەند ڕێبین بە ئالەتی کلارنێت، خوێندرایەوە. پاشان بابەتێک بەناوی (ژیاننامەی نالی و گرنگییەتی سەرچاوەی بیانی و چەپکێک سەرنج) لە لایەن بەڕێز د. عەبدوڵلا حەدادەوە پێشکەشکرا. کە بەوردی تیشکی خستەسەر زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی کە شیعر و ژیانی نالییان بڵاوکردۆتەوە. گرنگترین بابەتێک کە د. عەبدوڵلا ورووژاندنی ئەوە بوو کە نالی چامەیەکی سەدو پەنجا بەیتی بە عەرەبی هەیە و تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە، وتی بۆ یەکەمجار نالی لەم شیعرەدا لە باسکردنی شارەزووردا باسی باوانی خۆی دەکات و ئاواتەخوازی ئەوەیە جارێکیتر شوێنی لەدایک بوونی خۆی ببینێتەوە کە شوێنی باوباپیرانیشەیەتی. لە کۆتایی ئەم بابەتەدا کۆمەڵێک پرسیار لە لایەن ئامادەبووانەوە کرا و بابەتەکەی کۆتایی پێهات. پاشان لە لایەن شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەسەوە بەشێک لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولە خوێنرایەوە کە تێیدا باسی نالی دەکات، کاک شێرکۆ باسی ئەوەشی کرد کە سەرەتاکانی دەستبردنی بۆ شیعر لە تەخمیس کردنی شیعرێکی نالییەوە دەستی پێکردووە ئەوەیش (نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ، نەچم شەرتە هەتا ئەم خوارە بێ تۆ) بووە. پاشان دانیشتنی بەیانی ئەمڕۆ بە چەپکێک گۆرانی کوردی کۆتایی پێهات، کە لەلایەن گروپی وەفایی، سەنتەری گەنجانی دەربەندیخانەوە پێشکەشکران. کە جێگەی ڕەزامەندی هەموو ئامادە بووان بوو.

دانیشتنی ئێوارەی ئەمڕۆی دیداری نالی سەعات (5) ئێوارە دەستی پێکرد. بابەتی یەکەم لە لایەن پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفاوە پێشکەشکرا لە ژێر ناوی (دوو چامەی نال و سالم دوو نامەیە یان دوو چامەی شیعرییە؟) کە بە تێیدا باسی ئەوەیکرد کە ئەو نامەیە، دوو چامەی شیعرین، نەک دوو نامە. لە درێژەی بابەتەکەدا دکتۆر باسی ئەوەشیکرد (لە دەمی مەلا ڕەشیدی بابانەوە) ، کە کاتێک نالی کۆچی دوایی دەکات و هەوەڵەکانی لە سپاردنی بە خاک دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەی، تا کتێب و دەسنووسەکانی بپارێزن، بەڵام کە دەچنە ئەوێ، دەبینن ژنێکی تورک لە ماڵەی نالییە؟؟!! دوای ئەوەی کە دەزانێت هاتوون بۆ ئەوەی کتێب و دەسنووسەکانی بەرن. ژنە تورکەکە پێیان دەڵێت نابێت بهێڵم ئەو ئاواتەتان بێەدی و دەچێت هەموو ماڵەکە ئاگر تێبەر دەدا!!! بەهۆی ئەم بەسەرهاتەوە دوو شت

روون دەبێتەوە: 1. کاتێک نالی لە ئەستەمبوڵ بووە، ژنی هێناوە و تورکیش بووە. 2. دەکرێت زۆرێک لە شیعرەکانی نالی، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە لە دوای رۆشتنی لە سلێمانی، لەو سووتانەدا تیاچووبێتن!!! ئەمە جێگەی داخە، چوونکە گەر ئەو کارە نەبایە، ئێستا زۆرێک لە گرێگوێرەکانی ژیانی نالی دەکرانەوە و بەرهەمەکانی دوای رۆشتنی لە سلێمانی لەبەر دەستدا دەبوو. لە باسێکی تری تازەدا دکتۆر ئەوەشی روونکردەوە، کە پێناچێت بە هیچ شێوەیەک نالی چووبێتە شام! بەڵگەشی ئەوەبوو کە: نالی وەکو مەولانا خالید میکائیلیە و شارەزووریيە، جگە لەوەش نالی لە قەرەداغ لە حوجرەکەی مەولانا خالید خوێندویەتی. چۆن دەگونجێ نالی چووبێتە شام، کە مەزاری ئەو زاتەی لێیە و بە تەنها بەیتێکیش نالی باسی ناکات؟! ئەم رایە بووە پرسیار لە لای چەند کەسێک و دیالۆگێکی بەجێژی لێکەوتەوە. جگە لەوە بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە نێوان روناکبیراندا باوە، دکتۆر ئەوەشی وروژاند کە نالی، داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن عوسمانییەوە بینیبێ!؟ واتە نالی لە دوای نەمانی ئیمارەتی بابان سلێمانی جێهێشتبێت. بەڵگەشی بۆ ئەمە، شێوەی ئەم پرسیار کردنە ئامادەکراوەیە، کە نالی لە چامەکەیدا بۆ سالمی ناردووە. هەروەها سالمیش زەحمەتی گەڕانی نەبینیوە بە شوێن وەڵامدانەوەی نالیدا، چوونکە سالم هەموو شتەکانی بینیوە و تێیاندا ژیاوە.

پاشان بەرێز محەممەد ساڵەح سوزەنی، بابەتێکی بە پێزی بە ناوی (نالی و جوانیناسی کانت) پێشکەشکرد. کە گەلێک بابەتی جوانیناسی لای نالی باسکرد، کە بەداخەوە لێرەدا لەبەر وردی و حەساسی ئەو بابەتە توانای باسکردنی نییە.

دوای ئەم بابەتەدا ژنەشاعیر کەژاڵ ئەحمەد شیعرێکی ناسکی خوێندەوە کە ئامادەبووان چەپلەبارانیان کرد. دکتۆر دڵشاد عەلی بابەتێکی بە پێزی بە ناوی (نالی "من" یکی هوشیار، "خود" یکی نائارام) پێشکەش کرد. گرنگترین پرسیارێک کە دکتۆر دڵشاد وروژاندنی ئەو پرسیارە بوو کە (سەفەری نالی و جێهێشتنی سلێمانی، لەوانەیە لەبەر زوڵم و زۆری بابانەکان بوو بێت، نەک داگیرکەر؟!) کە ئەمە گومانێکە زۆر لە جێگەی خۆیدایە، بە بەڵگەی ئەوەی کە نالی لە بابانەکان نەبووە و توانا و لێهاتووی نالی (مسکێن) بە بەگزادەکانی بابان قووت نەچووە و نارچاریان کردووە سلێمانی جێبهێڵێ؟!!! نالی وشیار بە شوێن ئارامییدا گەڕاوە و ئەو ئارامییەی لە ئەستانە وەچنگ کەوتووە.

دوایەمین بابەتی ئەمڕۆ بە ناونیشانی (پەیامی نالی) لە لایەن بەڕێز دکتۆر سەباح بەرزنجەییەوە، پێشکەشکرا. کە زۆر بابەتی رەخنەیی نالی راڤکرد، بە تایبەتی سەرزەنشتکردنی زاهید و ریاکاران لەلایەن نالییەوە، کە نالی وەک ئەرکێکی ئاینی و ئینسانی، ریاکاری ئەوانەی بۆ خەڵک دەرخستووە. ئەم بابەتەش یەکێک بوو لە بابەتە تێروتەسەلەکان و زۆر لایەنی جوانکاری و وشەسازی شیعری نالی باس کرد.

دانیشتنەکانی ئەمڕۆ، بەیانییەکەی لە لایەن بەڕێز حەبیب محەممەد دەروێشەوە بەڕێوەبرا و دانیشتنی ئێوارە بەڕێز ئەرسەلان تۆفیق بەڕێوەی برد.

ئەوەی کە ماوە بیڵێم، سەنتەری ئێلبەگی جاف، بۆ هەر سێ رۆژەکەی ئەم دیدارە، بڵاوکراوەیەک بە ناوی (نالی) بڵاودەکاتەوە، کە چەندین بابەت و چاوپێکەوتنی تێدایە دەربارەی حەزرەتی نالی.






PUK


PUK



